# دیموکراسی ساختە لە کوردستان

لە پەراوێزی ڕفاندن و دادگایی د.کەمالدا

ساما‌ن ئەحمەد

بە پێویستم زانی سەبارەت بە زاراوەی دیموکراسی چەند قسەیەك بکەم لە کاتێکدا کە ئەم زاراوەیە لەپاڵ زاراوەی هەڵخەلەتێنەری میللەتی کورددا ڕۆژانە و هەموو سەعات و دەقیقەیەك دووبارە دەبێتەوە و ئیدیعای دەکرێت و باسی جۆراو جۆری لەسەر دەکرێت و بە ئاستێکی فراوان لە ناو خەڵکدا ڕەواجی پەیدا کردووە ، هاوکات بە پێچەوانەشەوە ئەوەی لەکۆمەڵگای کوردستاندا بوون و خەبەرێکی نی یە، دیموکراسی یە !

ئەم هاوکێشە پێچەوانەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و باسی سیاسی و مێژوویی هەیە. هەرچەندە تا ئەمڕۆ هەندێ باسی ئۆبجەکتیف لەم بارەیەوە کراون بەلام بە بیروبۆچونی من هێشتا وەلامێکی پڕ و پوخت بەم مەسەلەیە نەدراوەتەوە. بەو نیازەی ئەم نوسینەش هەنگاوێك بێت لەو ڕاستایەدا. بەو هیوایەی لە فرسەتێکی تردا زیاتر ئەم مەسەلەیە تیشکی بخرێتە سەر.

هەتا ئەمڕۆ دیموکراسی لە کوردستان بۆ فریودان و سەرکوت کردن و بێ ئیرادەکردنی خەڵك درێژەی هەیە!

هەتا ئەمڕۆ دیموکراسی ئالایەکی سیاسی یە بە دەستی زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی عێراق و کوردستانەوە کە نەك هەر توانا و نیەتی سیستەمێکی دیموکراسیان نی یە بەڵکو بە پێچەوانەوە بە کار و کردەوەی ڕۆژانەیان ئەوەیان سەلماندووە تەحەمولی یەك چرکە ساتی سیستەمی دیموکراسی و ماڤ فەردی و مەدەنی ناکەن و بەڕەسمی ناناسن,

زۆر ئاسایی یە ئینسان لە سەرەتاوە وا بیر بکاتەوە کە ئەم پارت و هێزانە هیچ لە دیموکراسی نازانن و بەفەرهەنگی دیموکراسی نامۆن. بەلام بە پێچەوانەوە کێشەی نەبوونی دیموکراسی نەبونی فەرهەنگی دیموکراسی نی یە تەنانەت لەناو سەرانی دەسەلاتدا. ئەگەر ئینسان گوێ لە سەدام و بەرزانی برای لە دادگایی کردنەکانیاندا بگرێت کە چۆن بوونەتە مامۆستای دیموکراسی و چەمکەکانی، لەم ڕاستی یە زوو تێ دەگات. ئەوان کاتێك پەنا بۆ چەمك و زاراوە دیموکراسیەکان دەبەن کە خۆیان پێویستیان پێیانە و بەو جۆرەش بەکاری بهێنن کە خۆیان دەیانەوێت.

ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیش کە ئەحزابی دیموکراسی نین و هیچ ڕوشت و تەقلیدێکی دیموکراسی و لیبرالیان نی یە تەنانەت بە پەنجەی دەستیش خاوەن کەسایەتی دیموکراسی و لیبراڵ نین . لەناو کۆمەڵگای بن دەستی ئەوان و تەنانەت لەناو حزبەکانی خۆیاندا کەمترین ماف و ئازادی نی یە. بەلام هاوکات لەپەنا هەراو زەنای دیموکراسی ئەمریکادا دیموکراسیان کردووەتە بنێشتە خۆشەی ڕۆژانەی خۆیان! هەتا لەو ڕەوەندەدا دەسکەوتی سیاسی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەم دیموکراسیەی ناسیۆنالیزمی کورد جگە لە ئیدیعایەکی پووچ لە ئاستی کۆمەلایەتی و جگە لە شەڕێکی سارد بۆ دابەش کردنی دەسەلات و سامانی عێراق لەگەڵ هێزەکانی تر و لەناو خۆیاندا هیچی تر نی یە. لە دنیای واقعیشدا لە کار و کردەوەی ڕۆژانەی 13 ساڵی ڕابردوویاندا ئەوەی ئەوان پەیڕویان نەکردبێ و ئیلتیزامیان پێوە نەکردبێ، دیوکراسی و چەمکەکانی دیموکراسیە.

کەواتە دیوکراسی چی یە ؟ بۆچی دیموکراسی ناتوانێت لە کوردستاندا وجودی هەبێت

## دیموکراسی

دیموکراسی پێش ئەوەی شیعارێکی سیاسی بێت ڕژێمێکی سیاسی یە ، سەرخانی ڕژێمێکی ئابوری کۆمەڵایەتی سەرمایەداریە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی بۆرژوایی. بەمانایەکی تر لە باشترین حاڵدا داواکاریەکی سیاسیە بۆ بەشداری پێکردنی توێژە کۆمەڵایەتیەکان لە کرداری حقوقی و دامەزراندنی دەوڵەت و و ڕژێمی سیاسی دا . دامەزراندنی ئەم ڕژێمە پێش هەموو شت پێویستی بە ئەحزابی لیبراڵی و تەقالیدی لیبراڵی هەیە لە مەیدانی سیاسی هەر کۆمەڵگایەکدا. بەڵام لە کوردستاندا بە پێچەوانەوە ئەحزابی ناسیۆنالیستی قەومی و تەقالیدی ناسیۆنالیستی باڵی بەسەردا کێشاوە کە بوونیان نەك هیچ بنەمایەکی ماددی و ئابووریان نی یە هەتا ڕژێمێکی ئابوری و سیاسی لە چەشنی دیموکراسی یان هەر شکلێکی تر بخولقێنن ، شەڕی ئەوان تەنها شەڕێکی سیاسی بۆ شەریك بوونی دەسەڵاتە. هاوکات بۆ ئەم دەسەلات و ئامانجە لەمپەڕی جدی بوون لەبەرامبەر هەر چەشنە مەیل و تەقلیدێکی سیاسی دیموکراسی و لیبرالیدا.

دیموکراسی ئیدیعایەك یان ڕەفتارێکی سیاسی نی یە ، بەڵکو ڕژێمێکی سیاسی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵات و دەوڵەتدا ، بەڵام لە دوای دەرپەڕاندنی ڕژێمی بەعسەوە ئەم حزبانە ئامادە نەبوون و نەیانتوانی بە قەولی خۆیان لە کوردستانی ئازادا دەسەڵاتێکی سیاسی و دەوڵەتێك ڕژێمێکی سیاسی دابمەزرێنن هەتا ئینسان ناوەڕۆکی ئەو دەسەلاًت و ڕژێمە بناسێت و ئایا دیموکراسیە یان نا، هەڵوێستی لەبەرامبەردا وەربگرێت. بەو دەلیلەی بوونی ئەحزابی ناسیۆنالیزمی کورد بنەمایەکی مادی و ئابوریان نی یە لە جیاتی ئەو کارە بەدیار مەرحەمەتی سەدامەوە دانیشتن تا لە دەسەڵات و ڕژێمە سیاسیە ئیستبدادیەکەی خۆیدا شەریکیان بکات. ئەمە بۆچی وابوو چونکە ئەم حزبانە وەکو ئەحزابی بورژوازی دیموکراسی تەڵەب و خاوەن تەقلیدی دیموکراسی نەهاتبوونە مەیدان هەتا بەبەرنامە و تەقلیدی دیموکراسی خۆیان ڕژێمێك یان دەسەڵاتێك دابمەزرێنن. داوای دیموکراسی و تەعەددودی ئەوان لە ڕژێمی بەعس بایی نووکە دەرزیەك پەیوەندی بە دیموکراسیەوە نەبوو بەڵکو داوای جێکردنەوەی خۆیان بوو لە سیستەمێکی ناسیۆنالیستی دکتاتۆری عەرەبدا. بە کردەوەش لە ماوەی 13 ساڵی باڵادەستی ئەم حزبانەدا جگە لە سەرکوتی دەنگی خەڵك و نەیارانی خۆیان و پەیڕەوکردنی یاساکان و تەقلیدەکانی ڕژێمی بەعس هیچ قانون و بەدیلێکی تریان نەبوو چونکە خاوەنی نەبوون.

ئامانجی ئەم حزبە ناسیۆنالیستانەی کوردستان دیموکراسی و ڕژێمێکی دیموکراسی و وولاتێکی دیموکراسی نەبوو. ئیدیعای دیموکراسی دوێنێ ی ئەوان تەنها ئەوەندەبوو کە لە ڕژێمی سەرکوتگەر و کۆنەپەرستی بەعسدا جێ یان بۆ بکرێتەوە و سەرکوت نەکرێن.

بەڵام  واقعیەتی ئەمڕۆی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردستان و سەد بەرابەر ئەم حزبانەی لەبەرامبەر هەرچەشنە ئیدیعایەکی دیموکراسی دا ڕاگرتووە!

هەموو ئاگادارین ئەم حزبانە جارێکی تر لەگەڵ تەوژمێکی تری سیاسی جیهانی دا خۆیان بە دیموکراسی شەڕخوازانەو داگیرکەرانەی ئەمریکاوە گرێدا هەتا لەسەردەستی ئەوان ئەوەی لە بەعس دەستیان نەکەوت لەم ڕێگایەوە و لەم ئاڵوگۆڕە سەربازی و سیاسیەوە دەستیان بکەوێت. ئەم دیموکراسیە ساختەیەیان کردە سەکۆیەك بە ناوی میللەت و ماڤی کوردەوە بەشێکی زۆر لە خواستەکانی خۆیان دەستکەوت . بەڵام نە ئەو دیموکراسیە دیموکراسیە و نە ئەو دەستکەوت ومافانە دەستکەوت و ماڤی خەڵکی کوردستانە ، بەڵکو خواست و دەستکەوتە سیاسی و ئابوریەکانی ناسیۆنالسیتی بۆژوازی کورد بوو .

بەڵام ئەم دیموکراسیه بەو پێیەی هیچ زەمینەیەکی ئابوری سیاسی نەبوو ناتوانێ و بەکردەوەش نەیتوانی درێژە بە تەمەنی خۆی بدات و لەوە زیاتر یاری بە عەقڵی خەڵکی کوردستان بکات. ئەمڕۆش کە بە پردەبازی دیموکراسی شەڕخوازانەی ئەمریکادا ئامانجەکانی خۆیان بەدەستهێناوە بە بەکردەوەش ئەم حزبانە ١٣ ساڵی دەسەڵاتیان هەمووی گەندەڵی و تاڵانی سامان و داهاتی کوردستان و نامەسئولیەت بووە بەرامبەر بە ژیانی خەڵك ڕوبەڕووی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان بوونەتەوە لەسەر نەبوونی ئاو کارەبا خزمەتگوزاری و بێکاری و گرانی و بێماڤی و نایەکسانی و گەندەڵی. لەیەکەم ڕۆژی بەدەنگهاتنی خەڵکەوە دەستیان دایە هەمان بەرنامە و تەقلیدی سەرکوتی برا گەورە بەعسیەکانیان و تەقەکردن لەخەڵك و زیندانی کردنی هەڵسوڕاوانی جەماوەری و ترساندن و تۆقاندن و...هتد.

ئیتر بەکردەوە بێ ئەوەی خۆیان ئالأی ساختەی دیموکراسی توڕدەن لەبەرچاوی کۆمەڵگا ئیدیعای دیموکراسیەکەیان سوك و ڕیسوابوو . ئەمڕۆ منالێکیش بە زاراوەی دیموکراسی سەر زاری تاڵەبانی و مەسعودبارزانی پێکەنینی دێت و زیاتر دڵنیا دەبێ کە ئەمانە درۆ لەگەڵ خەڵك دەکەن.

ئەوەش لەولاوە بوەستێ هەر ئەم حزبانە دەستیان لەگەڵ مەلا عەمامە ڕەشەکانی ئیسلامی سیاسی تێکەڵ کردووە بۆ دیاری کردنی ئاینده و چارەنوسی خەڵکی عێراق کە بە پێی دەستورێکی ئیسلامی لە قاڵبی بدەن.

بەکورتی ئەمڕۆ ئەم حزبانە بوونەتە بەشێك لە هێزە ڕەشەکانی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان و بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان دەستیان داوەتە سەرکوتگەری بێ پەردە.

ڕفاندن و دادگایی کردنی نووسەرێکی نەیاری دەسەڵاتی پارتی وەکو د. کەمال حوکم دانی بە ٣٠ ساڵ زیندانی داکوتانی دوا بزماری تابووتی دیموکراسی ساختەی ئەوان بوو.

لە کوردستاندا دیموکراسی بوونی نی یە و نەبووە ، حزیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی نەك هەر دیموکراسی خواز نین بەڵکو بەشێکن لە هێزە ڕەشەکانی دژی ئازادی و دیموکراسی لە عێراق و کوردستاندا. بەڵام ئەمڕۆ هاوکات لە کوردستاندا لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا ناڕەزایەتیەکی فراوان بەڕووی دەسەڵاتی ئەم حزبانەدا سەری دەرهێناوە و مەیلی ئازادیخوازی و یەکسانی خوازی هەتا دێت پەرە دەستێنێ .

ئەمڕۆ ساحەی سیاسی کوردستان مەیدانی ململانێی ئەم دوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە سیاسیەیە، خەڵکی بێبەش و ئازادیخوازی کوردستان لەلایەکەوە و ناسیۆنالیستە بۆرژوا دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەلایەکی ترەوە. چارەنووسی ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان و باشتر بوونی ژیان و گوزەران و چارەنووسیان پەیوەندە بەم ململانێ سیاسیە کۆمەڵایەتیەوە. کە دەبێ خەڵك و جەماوەر تیایدا یەکگرتوو یەکدەست بن تا بتوانن بە خواست و ئامانجەکانی خۆیان بگەن.